**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:48**
**رۆژی دەرهێنان:2004/12/10**

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)و، ماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، لەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(55)ی رۆژی (2004/12/9) یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەوسەڵاحییەتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاریدەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:**

**یاسای ژمارە(48)ی ساڵی/2004**
**یاسای شەشەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(3)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**ماددەی یەکەم:**
ماددەی نۆیەم لەو یاسایە هەمواردەکرێ: بڕگە(ج)ی لە کۆتاییدا دەخرێتەسەرو، وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:
ج-دەشێ لە ئەنجومەنی وەزیراندا، وەزیرێ، یان لە وەزیرێك پتر، لە نووسینگەی سەرەك وەزیراندا هەبن.

**ماددەی دووەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عیراق**